پـــاریزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (3217)] ساڵی ٢٠٢١

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)

بۆ پرۆژەی: بەکرێ گرتنی (٤٠) تەنکەری ئاو لەسنوری سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوە:-

١-بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی کە (١٦)بنکەی کشتوکاڵێ و پێکهاتووە لە (٥٦٠) باخچەو (٣٣٠) بلواری ناوەندی وە (٦) پارك .

٢-باخچەو بلواری ناوەندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕاپەڕین.

٣- باخچەو بلواری ناوەندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی بەکرەجۆ.

٤- باخچەو بلواری ناوەندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی تاسلوجە.

پـــاریزگای سلێمانی بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا کان دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە، سەردانی بینای پـــاریزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (200.000) دوو سەد هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیا . کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە پرۆژەکەی بۆ ئەسپاردە دەکرێت .

١- فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی (3/ 8/ 2021) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (17 / 8/ 2021) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (22 / 8/ 2021) کاتژمێر (١٠:٠٠) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی (22 / 8/ 2021)دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر (١٠) ی پێش نیوەڕۆ لە پاریزگای سلێمانی/ بەشی گرێبەستەکان.

٤- ئەگەر ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێتە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر.

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

٦-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە (150) سەدوپەنجا ڕۆژ(ڕۆژی ڕۆژمێری) .

٧- پێویستە لەسەر کۆمپانیا پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.

٨- پێویستە کۆمپانیا ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی 2021.

٩- پێویستە بەڕێوبەری ڕێگە پێدراو ی کۆمپانیا واژۆ بکات یان کەسێکی ڕێگە پێدراو (تخویل) بەنوسراوی فەرمی دیاری بکات .

١٠-پێویستە کۆمپانیا پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان کرابن بۆ ساڵی 2021

١١- پێویستە کۆمپانیا بڕیاری ڕەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا پێشکەش بکات کە هاوپشکەکانی کۆمپانیای تێدا دیاری کراوە.

١٢- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

١٣- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت .

١٤- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەڕواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١٥- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی (تحفظ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١٦- پاریزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی نوسراوی سپاردن .

١٧- پێویستە کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

١٨- پێویستە کۆمپانیا لە کاتی ئەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری ئەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

١٩- پێوستە کۆمپانیا لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) و ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات .

٢٠- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر دەرخستەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بکات.

٢١-کۆمپانیاکان بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەك لەسەر بەڵگەنامەکانی ستاندەردی ئەم پرۆژەیە سەردانی بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکانی پاریزگای سلێمانی هۆبەی چاودێری وڕاهێنان /تەندەرین بکات.

((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە پلەی پۆلێنکردنیان لە پلە (٢-٥) دا بێت، وە پێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە (وەزارەتی پلاندانان) ی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوبێت و بەڕواری بەسەر نەچووبێت یان مۆڵەتیان لەبواری دابین کردن (تجهیز) لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەبێت یان مۆڵەتی گواستنەوەیان لەوەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن هەبێت وەهەروەها کاری هاوشێوەیان ئە نجام دابێت .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

تێبینی :

١-کۆمپانیا پێش کرینی تەندەر بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات .

٢-بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢١ .

ئەحمەد عەلی ئەحمەد

جێگری پاریزگاری سلێمانی بۆ کاروباری هونەری

٢٠٢١/ ٨ /

وێنەیەك بۆ

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی ٢/ سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ئاگاداریتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- مالپەڕی www.slemani.gov.krd /پاریزگای سلێمانی بۆکاری بڵاوکردنەوەی .
- بۆوەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٢١٩٣٩٧٣)وە بکەن لە پاریزگا/ کاروباری تەندەریان email:slemani.gov.tendering@gmail.com

بەڕێوەبەری گرێبەستەکان	ل.کاروباری تەندەر	ئە. چێکی تەندەر	ئە. ئامادەکردنی تەندەر